# ئینفلۆێنزای باڵندە



**ئێستا دەزگای تەندرووستی نێودەوڵەتی WHO نیگەرانە سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆسی جۆری H5N1 .**

ئێنفلۆێنزای باڵندە( ' Aviaire influenza ') کە نەخۆشیەکی پەتاییە/ Epedemic لە ناو باڵندەکان و مریشک، مراوی،قاز و قەلەموونداا ئەم ئینفلۆێنزایەی باڵندە بە H5N1 ناسراوە لەنێوان 15 جۆر ڤایرۆسی باڵندە کە هەیە. هۆکارەکەی ئەم نەخۆشییە تووشبوون بە ڤایرۆسی جۆری Influenza-A کە لە جۆری ڤایرۆسی ئینفلۆێنزای مرۆڤە.


**لە ئاژەڵدا**

زۆر لە باڵندەکانی دەریایی هەڵگری ڤایرۆسی ئینفلۆینزەن،وەکو ئینڤلۆێنزەی باڵندە،بەڵام ئەوان خۆیان بەم هۆیە نەخۆش نابن بەڵکوئەوان هۆکاری گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسەن بۆ باڵندەکانی تر .هەروەها ئاژەڵەکانی تریش ئەگەری هەیە ڤایرۆسە بگرنەوە وەکو،بەراز،ئەسپ،سەگی دەریایی و هەندێک جۆر لە ماسی.

نیشانەکانی نەخۆشی لە ئاژەڵدا جۆراوجۆرن و پەیوەستن بە هەبوونی چەند فاکتۆرێک.کێشەکان لەوانەیە لە ڕێگاکانی هەناسەدا و یان ناو ڕیخۆڵەکان دا بن و زۆر کێشەی تر. ئەگەر کێشەکە زۆر گران بێت ئەوە مردنی پێوەیە.


**لە ئینساندا**

ڤایرۆسی ئینفلۆێنزەی باڵندە دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئینسان بە هۆی زۆر نزیک بوون و دەستلێدان لە باڵندەی تووشبوو،بەڕێگای جیقنە ی وورد کە لە هەوا دا بڵاو دەبێتەوە.
گرتنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەوە تا ئێستا دیار نەکراوە.
نیشانەکانی:



نیشانەکانی ئینڤلۆینزەی باڵندە لە ئینساندا لە قۆناغی سووک تا گران هەیە. بو سووکی هەوکردن لە چاودا ڕووی دەدات.
ئەگەر بە گرانی تووش بووبێت ئەوە نەخۆشیەکە زۆر بە خێرایی بە تاو و لەرز و بە لانی کەمەوە چەندێک لەم نیشانانە وەکو:کۆخە،هەڵامەت(پەسیو)،قوورگێشە، ئازاری ماسوولکەکان و سەرئێشە و ماندووی خۆی دەردەخات.دوای گرتنی پەتا لە مرۆڤدا ماوەی 7 تا 10 رۆژ دەخایەنێت کە نەخۆشی پێوە دیار بیت و بە دڵنیای ماوەی 5 رۆژی پێدەچێت. ئەڵێن لەم کاتەدا ئێنفلۆێنزەی باڵندە مەترسی لە سەر ژیانی مرۆڤ نیە.

## پەیدابوونی ڤایرۆسی ئێنفلۆێنزای باڵندەی نوێ




ئەگەر ڤایرۆسێکی ئێنفلۆێنزایە باڵندە خۆی تێکەڵی ڤایرۆسی هەڵامەت/پەسیوی ئینسان بکات، لەوانەیە ڤایرۆسێکی نوێ پەیدا ببێت کە مرۆڤ دژ بەم ڤایرۆسە هێزی بەرگری نییە.ئینجا ئەم ڤایرۆسە لە تێوریدا خۆی زۆر بە خێرایی بڵاو دەکاتەوە لە سەر زەوی،وێڕایی ڕاماڵی بۆ ئینسانەکان و دەبێتە هۆکاری زۆر نەخۆشی گران و ئەتوانێت ببێتە هۆکاری کۆچی دوایی ملیۆنەها کەس.ئەم بەڵایە کە پەتای پەسیوی پێ دەڵێن،لە سەدەی 20ئەمدا 3 جار پێش هاتووە.

1997 = 6 کەس کۆچیان کردووە بە ڤایرۆسی H5N1 لە هۆنگ کۆنگ

2003 = 83 کەس هەوکردنی چاو بە ڤایرۆسی H7N7 و کۆچی پزیشکێکی ئاژەڵ لە هۆڵەندا

هەروەها ڤایرۆسی جۆری H9N2 هۆکاری هەندێک نەخۆسی لە مرۆڤدا بووە.

لەو ماوەیەدا دیسان ڤایرۆسی جۆری H5N1 خۆی بە خراپ دەنوێنێت(پەیدا دەبێتەوە)،کە ئەوسا هەیڤی ژانیوەری ساڵی 2004 دا لە ڤێیەتنام بوو بە مایەی کۆچی زۆر لە خەڵک، کە لە دواییدا خۆی گواستەوە بۆ قارەی ئاسیا.

ئێستا دەزگای تەندروستی نێودەوڵەتی WHO نیگەرانە بۆ سەرهەڵدانەوەی ڤایرۆسی جۆری H5N1 .

**بۆ بەرگریکردن لەم ڤایرۆسە زۆر گرنگە کە ڕاگرتنی باڵندەکان و ئاژەلی وەک مریشک و قەل و قاز و مراوی...**

**ڕاوەستێنن** بۆ ئەوەی هەل و مەرجی گواستنەوەی ئەو پەتایە بۆ سەر مرۆڤ نەرەخسێت.

پسپۆران خەریکن بۆ دۆزینەوەی واکسەنێک دژ بە ئینفلۆێنزەی باڵندە( vaccine ) بۆ ئاژەڵان وەکو مریشک و قەل و قاز و مراوی.

بۆ خۆپاراستن لەم پەتایە، مرۆڤ ( ئەوەی کە لە باڵندەکان نزیکە و کاریان لە گەڵ دەکات) پێویستە پۆشاکی گوونجاو بکاتە بەری و هەروەها ئەتوانێت دەرمانی بەرگری لەم پەتایە بەکار بهێنێت.

دەرمان:

Tamiflu(Oseltamivir)( دوای ڕاوێژ لە گەڵ پزیشک).

هەروەها ئەو کەسانە باشتر وایە لە وەرزی سەرماوەزدا واکسەنی دژ بە ڤایرۆسی هەڵامەت لە خۆیان بدەن( کووتان).

بەم شێوەیە ئەگەری تووشبوون بەم پەتایە کەمتر دەبێتەوە.

خشتە و سەرجەم ئەم پەتایە لە وڵاتانی ئاسیادا تا 2007-12-10 کە لە لایەن WHO کراوە.

| یەکەم جار دۆزرایەوە | ڕێژەی تووشبووان | ڕێژەی کۆچ کردووان |
| --- | --- | --- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| وڵاتی ئازەربایجان | 2006/3 | 8 کەس | 5 کەس |
| کامبۆجیا | 2005/2 | 7 کەس | 7 کەس |
| سین/چین | 2003/11 | 27 کەس | 17 کەس |
| جیبووتی | 2006/5 | 1 کەس | 0 |
| مصر | 2006/3 | 38 کەس | 15 کەس |
| یندوونیزیا | 2005/7 | 113 کەس | 91 کەس |
| ئێراق | 2006/1 | 3 کەس | 2 کەس |
| لائۆس | 2007/2 | 2 کەس | 2 کەس |
| نیجەریا | 2007/1 | 1 کەس | 1 کەس |
| تایلەند | 2004/1 | 25 کەس | 17 کەس |
| تورکیا | 2006/1 | 12 کەس | 4 کەس |
| ڤێیەتنام | 2003/12 | 100 کەس | 46 کەس |
| کۆی گشتی: | | **337 کەس تووش** | **207 کەس کۆچ** |

سەرچاوەکان:

www.infleunza.be

www.vogelpest.net


**گوڵاڵە پشدەری**

ئامستردام

12 دێسەمبر 2007

Goli-67@hotmail.com